# ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئینجیلەکان

**(بەشی یەکەم)**



**نوسینی: کری ڤۆڵف**

**ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی**

## ١ . کلیسا چۆن لە ناوەڕۆک و بنەمای ئینجیلەکان دەڕوانێ و چۆنیان باس دەکات؟

ئینجیلەکان لەناو کتێبە پیرۆزەکانی دیانەتی مەسیحیدا پلەی یەکەمیان هەیە. چوار ئینجیلی ناسراو بە «مەتتا»، «مەرقۆس»، «یۆقا»و«یوحەننا» هەن، کە بنچاخی سەرەکی ئەم دیانەتە پێك دەهێنن. هەموو دەستە و لقەکانی ئایینی مەسیح ئەم چوارە بە سەرچاوەی سەرەکی دینەکەیان دەناسن و پشتی پێدەبەستن. تەنانەت قسە و بەڵگەی هەندێک لەمانەش لە دەستدایە کە جگە لەو ئینجیلانە هیچ کتێبێکی‌تری ئایینی بە پیرۆز نازانن.

بۆ ئەوەی تێبگەین کە ئینجیلەکان لەناو کتێبە پیرۆزەکانی دیانەتی مەسیحدا لە چ پلەیەك دان، دەبێ پێشتر بزانین کە ئەمانە بۆخۆیان چییان تێدایە و چی دەڵێن.

کتێبی پیرۆز (Bibel) بریتییە لە سەرجەمی ئەو کتێبانەی کە کلیسا بە پیرۆزیان دەزانێ و لە دوو بەشی «پەیمانی کۆن» و «پەیمانی نوێ» پێك دێت. ئەم بەشەی دوایی واتە «پەیمانی نوێ» بۆ خۆی لە چوار ئینجیلەوە دەست پێدەکات و کتێبی «ڕەوتاری نێردراوان» و چەند نامیلکەیەکی دیکەش دەگرێتەوە کە دەیگێڕنەوە بۆ «نێردراوان» و بە نوسراوەی «دۆزینەوەکانی (مکاشفە) یوحەننا»ش کۆتایی پێ‌دێت.



ئێمە لەم نامیلکەیەدا تەنیا ئاوڕ لە ناوەڕۆك و بناوانی ئینجیلەکان دەدەینەوە و دەپەرژێینە سەر و ئەو سەنگ و مانایەی کە لەراستیدا دەبێ هەیانبێ.

بۆ شیکردنەوەی دەربڕین و بۆچوونی پیاوە ئایینییەکانی مەسیحییەت لەسەر مانا و ناوەڕۆکی ئینجیلەکان تووشی سەرەگێژە دەبین و ناتوانین نەخت و پوخت شتێکی روون بدەین بەدەستەوە. چونکا لەم بابەتەوە چییان نووسیوە و چییان وتوە، هەمووی تەماوی و پڕ لە گرێپووچکەن و توونیایەتی خوێنەر ناشکێنن. کاتێ لە گەڵ لاگیرەکانی دیندا قسە دەکرێ، ئەوانیش ناتوانن ئەم تەم وگومانە بڕەوێننەوە. هەر کاتێکیش گێرەیان نەگەڕا پر دەدەنە ئەو زرتە گۆپاڵەی کە «براله، زۆری لەسەر مەڕۆن، عەقڵی مرۆڤ بە باڵای نهێنییە هەتاهەتاییەکاندا هەڵنازنێ». بەرهەمی زانا فەلەکانییش وەك هەموو ئایینەکانی‌تر تژییە لەم پەڵپ و بیانووە. هەرکاتێ گیربکەن و دەرەتانیان لێ‌ببڕێ، هەرکاتێك وڵامێکیان پێ‌نەمێنێ و دەربکەوێ کە بەشێکی زۆر لە لك و تەنانەت کۆڵەکەکانی بیروباوەریان لەگەڵ ئاوەز و مەنتقدا یەك ناگرێتەوە، خێرا پەنای بۆ دەبەن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بۆ مرۆڤی تێگەیشتوو هیچ ڕێگایەکی‌تر نامێنێ جگە لەوەی کە هەر لەبەر رۆشنایی زانست و بیری ورددا بابەتەکانی ژیان و کۆمەڵ لێکبداتەوە. ئەوانە دەڵێن بابەتە ئایینییەکان بۆ ئەوە نابن مرۆڤ دەستیان لێبدات، چونکا لە توانای بیر و لێ‌تێگەیشتنی ئێمە بەدەرن. بەم زمانە پێمان دەڵێن کە خۆ لە قەرەی بابەتەکان نەدەین و بیریان لێ‌نەکەینەوە. ئەمەش بێ کەڵکە، لێ ئەگەر مرۆڤ بیر لە شتێك نەکاتەوە تێشی ناگات، کە تێشنەگەیشت ئاخرەکەی ناتوانێ بڕوای پێ‌بێنێ. باشە بە راستی بۆچی دەبێ بڕوامان بە شتێك هەبێ و بە شتێکی تر نا؟ چۆن مرۆڤ دەتوانێ دڵنیا بێ لەوەی کە ئەم ڕێچکە ئایینییە دروستە و ئەوی‌تر نا؟ لەکوێڕا دیارە کە ئایینەکان راستییەکیان تێدا هەبێ؟

هەندێك دەڵێن ئێمە بۆیە دەبێ بڕوامان بە ئایین هەبێت چونکا باو باپیرانمان بڕوایان پێی هوبووە! کێ دەتوانێ بە دڵنیاییەوە بڵێ ئەوان بە هەڵەدا نەچوون؟ باشە

بۆچی دەبێ واز لە بیرکردنەوە بهێنین؟ بە پێچەوانە، ئێمە دەبێ هەموو شتێك بە مەزندەی زانست و ئەزمونی خۆمان و سەرجەمی تاقیکارییەکانی کۆمەڵگا هەڵسەنگێین. دەبێ هەموو شتێك بە پێوانەی مەنتقی کردەوە و ئەزمونی کۆمەڵگا لێکبدرێتەوە.

بیری رەخنەگرانەی مرۆڤی چاوکراوە دەبی بە ئاراستەیەکی ژیرانەدا بڕوا، نابێ شان لە بەرامبەر ویستی و خواستی مەنتق و بیری ورد هەڵتەکێندرێ. کاتێك لە بەرامبەر دەربڕینی شك و گومانەکانی ئێمەدا دەڵێن وست بن، ئەمە مانای مێشکشۆردنەوەیە. ئەمە بۆخۆی سەرەتای ئیمان و بڕوای کوێرانەیە. ئەودەم دەبێ ئێمە چاوبکەینەوە و تێبگەین کە ئەمانە مەبەستیانە بەری تێفکرینی سەربەستانەی بیر و ئاوەزمان بگرن، دەیانەوێ شتێکی ناژیرانە و نارەوای بەسەردا بسەپێنن.

مەبەستی سەرەکی ئێمە لەم نوسینە ئەوەیە و هەوڵی بۆ دەدەین تا لەبەر رۆشنایی زانستی مێژوو، زانستی مێژووی کولتور و ئەدەب، هەروەها لەبەر رۆشنایی نوسراوە و زانیاری ئەو پیتۆلانەی سەدان ساڵە خەریکی خوێندنەوەی «کتێبی پیرۆز» و کتێبە ئاینیەکانی دیکە بوون، ئینجیلەکان لێکبدەینەوە. ئێمە داوا لە خوێنەر دەکەین لەسەر ئەو شتانەی کە نوسیومانە بیر بکەنەوە و لەبەر رۆشنایی روانین و زانیارییەکانی خۆیان شەن و کەوی بکەنەوە.

ئێستا با بزانین کلیسا لەسەر مانا و بناوانی ئینجیلەکان چی دەڵێ.

لەکتێبی «پەیمانی کۆن»دا هاتووە: "خودا تۆقی لەعنەتی لە ملی بنیادەمەکان خست چونکا ئادەم و حەوا لە بەهەشتدا تووشی گوناحی بەرایی بوون". کتێبی پیرۆز دەڵێ: «باوباپیرانی ئێمە لە بەهەشت بوون، بەخواردنی میوەیەکی رێگا پێنەدراو سەریان لە فەرمانی خودا بادا. ئەمە سەرەتای سوچێك بوو کە داوێنی هەموو بنیادەمەکانی گرتەوە. هەر بەم بۆنەوە ئادەم و حەوا و هەموو تۆ و تۆرەمەکانیشیان وەبەر لەعنەتی خودا کەوتن. خوا باوباپیرانی ئێمەی لە بەهەشت وەدەرنا و تایبەتمەندی هەرمانی لە بنیادەمەکان ساندەوە. وای دانا ژنان بەدەم ئازارەوە بزێن و پیاوان بە ئارەقەی ناوچاوان



نان و بژیوی خۆیان وەچنگ بێنن. بەم ئاوایە ئێمە بۆیە کەوتوینەتە بەر قین و غەزەبی خوا و دەبێ بەدەم ئێش و ئازاری نەخۆشی و هەژاری و برسییەتییەوە بتلێینەوە، چونکا ئادەم و حەوا میوەیەکی قەدەغە کراویان خواردووە. دابەشکردنی مرۆڤ بەسەر چینی جۆربەجۆر لە کۆمەڵگادا و چەوساندنەوەی ئینسان بەدەستی ئینسانیش هەر لە سۆنگەی ئەو نەوسنی و مل بادانەوە بووە. تازە هەر بەمەش کۆتایی نایەت، مرۆڤ دەبێ هەر لەبەر ئەو تاوانە، پاش مردنیش ئازاری لەبڕانەوە نەهاتووی جەحەنەمیش بچێژێ!

خودا بۆیە سزای مرۆڤ دەدات، چونکا عادڵە و نایەوێ هیچ گوناحیك بە بێ سزا تێپەر بێ و هیچ گوناحکارێك بە بێ ئاروقە دەربچێ. ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریش خودا سنگفراوان و بە بەزەییە و بۆ دەسگیرۆیی بەندەکانی و دەربازکردنیان لە سزای ئەو گوناحە بەراییە، عیسای کوڕی ناردۆتە سەر دنیا. "ئەب" واتە خودای باوك وای داناوە کە خوای کوڕ "ئیبن" لە دنیادا قورسایی رەنج و مەینەتی سەر ئەم دنیایە بخاتە سەرشانی خۆی و بە مەرگێکی دڵتەزێن بمرێ، هەتا بتوانێ تاوانی گوناحی بەرایی بکڕێتەوە و بەم ئاوایە مرۆڤ لە سزاوەرگرتنەوە رزگار بکات»

بە پێی قسەی ئینجیل ئەوە بۆ دوو هەزار ساڵ دەچێ (ئێستا ئەوە زیاتریشە) کە خوا بێ پشوودان ئەم بیرە سەیر و سەمەرەیەی خۆی بەڕێوە دەبات. «رۆحی پیرۆز» توخنی مریەم کەوتووە و زگی هەڵمساندووە و عیسای لێ کەوتۆتەوە. بەمجۆرە کوڕی خوا لە بیچم وشکڵی ئینساندا هاتۆتە سەر عەرز. ئەم کوڕە دەبوو سەدان ساڵ لەسەر عەرزدا بژی و هەموو ویستەکانی باوکی خۆی جێبەجێ بکا و مرۆڤایەتیش لە چنگ بەرئەنجامی تۆڵەی تاوانی دژواری "گوناحی بەرایی" رزگار بکات. مەسیح بە خاچەوە کرا، بەڵام سێ رۆژ پاش مەرگ زیندووکرایەوە و چل رۆژ پاش هەستانەوەش بەرەو ئاسمانەکان خوشی و ئێستا لە لای راستی خوای باوك "ئەب" دانیشتووە»

بەم ئاوایە گوناحەکانی مرۆڤایەتی و پێشتر «گوناحی بەرایی» کڕدرایەوە. کلیسا پێمان دەڵێ، لە دوای مەرگی عیسا و پاش هەستانەوەی، ئیتر تۆقی لەعنەت لە

ملی مرۆڤ داماڵدرا و ئەو بارە گرانەی لە کۆڵ بووەوە. بەڵام کام رزگاری؟ بۆچی هیچ شتیك لە چارەنووسی مرۆڤ نەگۆڕدراوە؟

کلیسا وڵامێکی تەماوی و ناروون بەم پرسیارە دەداتەوە. لە وڵامەکەیدا وا دەردەکەوێ کە گۆیا مرۆڤ لە کرۆکدا رزگار بووە، بەڵام سەروەختایەك رزگاری راستەقینەیان دەگاتێ کە عیسا جاریکی تر خۆی دەرخاتەوە. ئەم خۆ دەرخستنەوەیە لە «دەرکەوتنی یەکەم» ناچێ، عیسا ئەمجارەیان نەوەك مرۆیەکی سادە و بەسزمان بەڵکو بە هەموو کەشم و نەشمی خاوەن شکۆیانە و بەشێوەی خودا و دادوەرێکی بە توانا، بە شێوەی مەسیح، واتە نیرراوی خودا خۆی دەردەخات. (وشەی Christ لە وشەی یۆنانی Christos وەرگیراوە و مانای چەورکراو بە رۆنی تەبەروکاوی دەدات)

بە پێی بۆچوونی ئینجیلەکان ئەم خۆدەرخستنە دەبوا خێرا رووی بدایە «هەموو ئەم رووداوانە هەر لە سەروەختی ژیانی ئەم وەچەیە دەقەومێ» واتە ئەو خەڵکانەی کە خۆدەرخستنی یەکەمیان دیتبوو، دەبوو بەر لە مردنیش خۆدەرخستنی دوهەمیش، یانی هاتنەوەی دووبارەی مەسیحیش بە چاوی خۆیان ببیننەوە.

مرۆڤ زەحمەتە لەوە بگات کە ئینجیلەکان سەبارەت بە رزگاری مرۆڤ لە پاش خۆدەرخستنی دوهەم دەیڵێن. هەر دیار نیە ئەم رزگارییە چۆن دێتە دیی و چۆن جێبەجێ دەبێ!

لە بەشیك لە ئایەتەکانی ئینجیلدا وا دەردەکەوێ کە نەزم و تەکوزی دنیا دەگۆڕدرێ. بەشیکی دیکەشیان وای بۆ دەچن کە ئەم رزگارییە لە رۆژی پەسڵان دێتە دیی. بە واتایەکی‌تر مرۆڤ تەنیا لە پاش مردن لە سزای جەحەننەم دەرباز دەبێ. بەڵام ئایەتەکانی‌تری ناو «پەیمانی نوێ» پێچەوانەی ئەمە نیشان دەدەن. لەو ئایەتانەدا هاتووە کە هەر دوای «خۆدەرخستنی دوهەم»، رۆژی لێپرسینەوەش دەستپێدەکات و چارەنوسی مرۆڤ بە مردوو و بە زیندوەوە دیاری دەکرێ. "خودا بەهەشت و بەختەوەری هەتا هەتایی بە چاکەکاران دەبەخشێ و گوناحکارانیش لە جەحەننەم دەپەستێوێ، هەتا دەستەملانی جەزرەبەی هەتاهەتایی ببنەوە.» بەم ئاوایە دەبینین کە سنگفراوانی خودا



زۆر بڕ ناکات وگوناحکاران ناگرێتەوە و ئەمانە دەرباز نابن. کەوابوو مرۆڤ بەگشتیی و بە تێکڕایی رزگار نابێت.

ئەگەر بە بارێکی دیکەشدا سەیری ئەم بڕوا ئایینییە بکەین هەمدیسان زەحمەتە سەروبەری تێك بخرێتەوە. ئەگەر قسە لەسەر ئەوەیە کە هەر چاکەکاران نەچنە جەحەنەم، ئەمە ئیتر خۆ هیچ گۆڕانێك نییە. ئەگەر خودا ئەمەی دەویست، باشە بۆچی کوڕەکەی خۆی بۆ جەزرەبە دیتن رەوانەی سەر عەرز کردووە؟ هەڵبەت لێرەدا زانا ئاینییە مەسیحی‌یەکان دواتر قسەیەکی تریشان نوسیوە کە لە ئینجیلەکاندا نیە، دەڵێن لە سەروەختی «خۆ دەرخستنی دوهەمدا» هەموو ئەو مرۆیانەی کە ژیابوون زیندوو دەکرێنەوە، رۆحیانەتیان دەخرێتەوە قاپوڕەکایان، ئەمانە نەك لە رۆحیانەتدا بەڵکوو هەر بەم لەشەی سەر عەرزیانەوە لە بەر دەم مەحکەمەی کۆتاییدا حازر دەبن. بەمجۆرە هەموو ئینسانەکان بە هەموو لەش و رۆحیانەتەوە خۆشییەکانی بەهەشت یان ئازار و جەزرەبەکانی جەحەننەم دەچێژن. بەم گریمانەیەش دەبینین کە رزگاری گشتی و تێکرایی لە گۆڕێدا نابێت.

جارێکی‌تر دەگەرێینەوە سەر ئەم بابەتە، با ئێستا بزانین کلیسای مەسیحی چۆن باسی کرۆك و بناوانی ئینجیلەکان دەکات؟

ئینجیلەکان بە پێی فێرکردەکانی کلیسا ئەو کتێبانەن کەسەرچاوە و ژێدەرەکەی بۆ خودا دەگەڕێتەوە. ئەم بانگەشەیە ئەوە دەگەیەنێ کە نووسەرانی ئینجیل بە پێی ویست و ئیرادەی خۆیان دەستیان بۆ قەڵەم نەبردووە، بەڵکو ئیلهامیان لە "رۆحی پیرۆز"ەوە بۆ هاتووە و ئینجیلەکانیان نوسیوە. کەواتە هەموو ئەو شتانەی کە لە ئینجیلەکاندا هاتووە بەتێکڕا راست و بێ خەوشن، لە هەڵە بەدورن و گەردی شك و دڕدۆنگی و وتەی دژ بە یەك نایانگرێتەوە.

زۆر سەیرە، ئەگەر بێتوو فکرەی هەموو ئەو شتانەی کە لە ئینجیلەکاندا نوسراوە بۆ «رۆحی پیرۆز» بگەڕێتەوە، ئیتر پێویست بەوە ناکات و گرینگ نابێت کە داخوا نووسەرەکان بۆخویان کردەوە و ئاکاری مەسیحیان دیتبێ یان نەیاندیتبێ. چونکا

«رۆحی پیرۆز» بۆخۆی ئیلهامی داونەتێ و ڕێگای پیشان داون. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە پێش، باشە بۆچی کلیسا هەوڵ دەدات بیسەلمێنێ کە نووسەرەکان هەموو ئەو ڕوداوانەی کە گێڕاویانەتەوە بەچاوی خۆیان دیتویانە، یان لانی کام لە شاهیدی ڕاستەوخۆوە وەریان گرتووە. زانا ئائینییەکان ومێژوونوسانی کلیسا بانگەشەی ئەوە دەکەن کە «مەتتا» و «یوحەننا» بۆخۆیان قوتابی مەسیح بوون و ئاگایان لە هەموو ئەو ڕوداوانە بووە کە لە ئینجیلەکاندا باسیان لێوەکراوە. زانا ئائینییەکانی ئۆرتۆدۆکسیش پێیان وایە «مەرقۆس» (یەکێکە لە ئینجیل نووسەکان) فەقێ و بەردەستی «پەترۆس» بووە و ئەویش بۆخۆی یەکێك لە دوانزە قوتابییەکانی مسیحە و دەڵێن «مەرقۆس» زۆر پێدەچێ ئاخر و ئۆخری ژیانی مەسیحی دیتبێ. هەر «لۆقا» دەمێنێتەوە، دەڵێن ئەویش فەقێی «پۆل» یەکێکی‌تر لە قوتابییەکانی مەسیح بووە.

بەمجۆرە دەبینین کە زانا ئاینییەکان هەوڵ دەدەن ئەوە بسەلمێنن کە ئینجیلەکان لە لایەن کەسانێکەوە نوسراون کە زۆر شارەزای ڕوداوەکان بوون و بە تەواوی ئاگایان لە هەموو شتێك هەبوە. بەڵام ئەمە لە ڕاستیدا کاتێ دەتوانێ گرینگ بێ کە پێمان وابێ ئینجیلەکان بەرهەم و دستکردی ئینسان بن. ئەگەر ئەو ئینسانانە بە ئیلهامی خوداوە تاویان دابێتە ئەو کارە، ئەوە ئیتر گرینگ نییە کە خۆیان کێ بوبێتن و ئاگایان لە هەموو شت بوبێ یان نەبوبێ. چونکا نەك سەربەخۆ بەڵکو بە ئیلهام لە ڕۆحی پیرۆزەوە ڕاستییەکانیان نوسیوە.

ئەوجۆرەی کە خاوەنڕایانی کلیسا دەبێژن، ئەم کتێبانە دەسپاکانە نوسراون و هەموو زانیارییەکانیان بێ‌گەردن و جێگای متمانە. ئێستا جا چ ئیلهامی خودایی بێت یان کەسانێك نوسیبێتیان کە بۆخۆیان ڕوداوەکانیان بەچاوی خۆیان دیتبێ. بەم ئاوایە عیسای مەسیح هاتۆتە سەر دنیا تا ئینسانەکان لە چنگ سزادانەوەی گوناحێك ڕزگار بکات کە ئادەم و حەووا کردبویان. بنچینە و هەناوی بیروباوەری ئینجیل لەسەر ئەمە وەستاوە. کاتێ ئینسان ئەمە دەبینێ و دەبیسێ، چند پرسیارێکیشی دێنە سەر ڕێ.



خودا کە پێشتر ئاگای لە هەموو شتێك هەیە (چونکو خاوەنی زانستی"لەدۆنی"، واتە غەیبییە) بۆخۆی کارێکی وای کردووە کە ئادەم و حەووا بەناچار تووشی ئەو گوناحە بێن و نەتوانن خۆ لەو چارەنووسە لابدەن کە بۆیان دیاری کراوە. خودا بۆخۆی ئەو مرۆ بەراییانەی زۆر نەفس نزم و تامەزرۆ بە گوناح و سەرپێچی خوڵقاندووە، کە خێرا دنە دەدرێن و فریو دەخۆن. هەر خودا بۆخۆی مارێکیشی لە گەڵ ناردونەتە بەهەشت تا ڕێگای سەربادان لە ئەمری خودایان پی‌نیشان بدات. ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەش خۆ گوناحی ئەو "قەلەندەرانە" ئەوەندە قورس نەبوە کە سزای هێندە قورسیان ئاوقا بێت! باشە ئەمە کوێی ئینساف و دادپەروەرییە کە لەبەر تاوانی دوو کەس دەبێ هەموو مرۆڤایەتی، لە گەڵ ئەو دوو کەسە بۆخۆشیان، تەنانەت ئەوانەش کە قەت لەسەر دنیادا نەژیاون و قەتیش ناژین، بدرێنە بەر داری سزا و بە لەعنەت بکرێن؟

کڕینەوەی تاوانیش لەو بەزمانەیە کە "پیاو" تێی‌ناگات. خوا دێتو کورەکەی خۆی بۆ کڕینەوەی گوناحی ئینسانەکان دەکاتە قوربانی. خودا ئەم فیداکارییە لە بەرامبەر چ کەسێکدا دەکات؟ ئەی مەگەر ناڵێن هیچ کەس لە خودا گەورەتر نیە؟ (دین بە تایبەت لە سەر ئەم خاڵە زۆر پێدادەگرێ). ئەرێ ئەگەر وایە، ئیتر خوا لە بەرامبەر کێدا بەرپرسە؟ ئەم قوربانییە پێشکەش بە کێ دەکات؟ داخوا خوی دەیدا بە خۆی؟ هەروەها لەم گرێبەستەدا پێوەندی نێوان ئەم سێ خوایە «تثلیث» واتە خوای باوك، خوای کوڕ و خوای ڕۆحی پیرۆزیش شتێکی سەیرە و مرۆ سەری لێ دەرناچێ.

ئەم بابەتە بە تایبەت سەری لە زانا ئانییەکانیش شێواندوە. بە پێی ئامۆژگاری و فێرکردەکانی مەسیح، خودا تاق و تەنیایە بەلام لە هەمان حاڵیشدا لە جۆری سێ کەس یاخود سێ بیچمدا ڕەنگی داوەتەوە (باوك، کوڕ و ڕۆحی پیرۆز). ئەم سێ کەسە لێك جیا ناکرێنەوە، چونکا «سێ بیچم» یان «تثلیث» شتێکی دابەش نەبووە. بەڵام لە هەمان حاڵیشدا هەرکام لەو سێ بیچمە سەربەخۆن و کاری سەربەخۆیان کردووە. بۆ نمونە کاتێ ڕۆحی پیرۆز چۆتە لای مریەم تا عیسای بۆ دروست بکات، دەبێ ئەو دوو کەسەی دیکەی لەگەڵ نەبووبێ. بەمجۆرە دەبینین کە سێ بیچمە دابەش نەبووەکە

لێرەدا دابەش دەبێ. ئینجیلەکان دەگێڕنەوە کە پاشان عیسا دەیان ساڵ لەسەر عەرزدا ژیاوە! ئایا عیسای بە لەش ئینسان، ئەودەم لە خوای باوك دابڕابوو، یان هەر لەو حاڵەشدا تێکئاڵاو مابونەوە؟ ئەگەر جیا بوویێت دەشێ سێ بیچمەکەش جیایی هەڵگر بێ و مەسیحییەکان سێ خودا بپەرستن. ئەگەر لەو دوانەی دیکەش جیا نەبوویێت دەبێ خوای باوك و رۆحی پیرۆزیشی لە گەڵ بووبێ و هاتبنە قاپوڕی ئینسانەوە، هەر لە گەڵ ئەویشدا قەمچییان وێ کەوتبێ، مەحکەمە کرابێتن و لە چوار میخەش درابن. کەوابوو خودای باوك نەك هەر تاقە کوڕەکەی، بەڵکوو خۆ و رۆحی پیرۆزیشی کردۆتە قوربانی. بۆچی؟ چونکا هەر بە ئیرادەی خۆی ئادەم و حەوا لەو سێوەی بەهەشتییەیان خوارد و بەم کردەوەشیان دڵی خوایان بە تەواوی ئێشاندووە.

کەس تێناگا،باشە دەبێ بۆچی خودا هێندە دڵناسك بێ و ئەوەندە خێرا زیز ببێ، باشە بۆچی دەبێ بۆ پینە کردنەوەی ئەو سوکایەتی پێکردنە دەست بۆ کاری وا ببات؟

دەمراست و گوتەبێژانی دیانەتی مەسیح بۆخۆشیان دان بەمەدا دەنێن کە مەسەلەی «سێ خودایی» یان «تثلیث» شتێکی قورسە و بیر و فکری ئەوان دەرەقەتی نایەن. زۆر زەحمەتە مرۆ بتوانێ باوەر بەم چەمکە بکات. ئەم سێ کەسەی کە هەر تاقەکەسێکە و ئەو تاقەکەسەش کە بۆخۆی سێ کەسە مەتەڵێکی ئاڵۆزە و عەقڵ نایبڕێ. دەبێ ئەو قسە بەناوبانگەی «ترتۆلین» زانای ناوداری "پەیمانی کۆن" و باوکی ئاینیی کلیساتان بیستبێ کە دەڵێ: « Credo quia absurdum» واتە "ئەمن باوەڕی پێدەکەم چونکو ئەقڵ نایبڕێ". بە واتایەکیتر دەبێ ئینسان چەمکی «سێ خودایی» وەربگرێ، هەر لەبەر ئەوەندەی کە وتراوە. چونکا خەڵك سەری لێدەرناهێنێ.

بەگشتی بیروباوەڕی ئینجیلی دەڵێی چێشتی مجێورە، پڕە لە وتەی دژ بە یەك و ئەقڵوەرنەگر. ئەگەر بێتوو نووسەرەکانیان بە پێی ئیلهامی رۆحیانەتی پیرۆز نوسیبێتیان، دەبێ بڵێین ئەویش بۆخۆی دەستی هەبوە لە داڕشتنی کتێبێك کە جێگای متمانە نیە.



بەڵام دەکرێ سەر لە کاکڵە و روانگەی ئینجیلەکان دەربێنین، بۆ ئەمەش هەر ئەوەندە بەسە کە ئینجیلەکان بە بەرهەمی مرۆڤ بزانین کە لە سەردەمێکی تایبەت و لە هەلومەرجێکی کۆمەڵایەتی مێژوویی زۆر تایبەتدا نووسراون.

کۆتایی بەشی یەکەم